# پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991
## (توێژینەوەیەکی مێژوویی - ئابوورییە)

**ID No. 1159**

(PP 380 - 394)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.21

**نجم الدین عبدالله اسماعیل**

بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

najmaddin.ismael@su.edu.krd

**مهدی محمد قادر**

بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

mahdi.qader@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2023/04/16**

**پەسندکردن : 2023/05/18**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ( پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر 1975-1991 ) دایە ، هەوڵێکە بۆ ئاشنا بوون بە ڕەوشی پیشەگەری لە پارێزگاکە , کە بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە لە بەرەو پێشبردن و گەشەپیدانی ئابووری ناوچەکە ، پیشەگەری یەکێك بووە لەو کارە دەستییانەی, کە پیشەرەکان بەپێی شارەزاییان ئەنجامیان داوە. هەر لەدێر زەمانەوە هەولێر بەهۆی بوونی چەندین تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، دانیشتوانەکەی کەسانی دەست ڕەنگین و پیشەگەری لێهاتوویان لەبوارە جیاوازەکاندا تیاهەڵکەوتووە ، کە ڕۆڵیان لەدابینکردنی پێداویستی خەڵکی پارێزگاکەدا هەبووە .

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو تەوەری سەرەکی و چەند دەرئەنجامێك پێکهاتووە . لەتەوەرەکانیش چەندین بابەتێکیان لە خۆوە گرتووە . لە تەوەری یەکەمدا : تیشك خراوەتە سەر پیشەگەری لە 1975-1991 ، لەتەوەری دووەم باس لە و ئاستەنگ و گیروگرفتانە کراوە کە کاریگەریان لەسەر گەشەکردنی پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر 1975-1991دا هەبووە.

**وشە سەرەکییەکان:** پیشەگەری، پارێـزگـای هەولێر، ئابووری، گرفتەکانی پیشەگەری ، سیاسەتی بەعس .

## 1-پێشەکی

پارێزگای هەولێر هەر لە کۆنەوە بەوە ناسراوە کە خاوەنی پیشەی دەستی جۆراوجۆر بووە ، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین پێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی لە شارەکە ، بەهۆی گرنگییەوە پیشەگەری بووتەوە یەکێك لە چالاکییە ئابوورییە گرنگەکانی دانیشوانی پارێزگاکە ، تەنانەت بەشێك لەدانیشتوانی هەولێر لەڕێگای ئەم پیشە دەستیانەوە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان دابینکردووە ، هەروەها ئەم پیشە دەستیانە بەپێی قۆناغە مێژوویەکان گەشەیان کردووە ، ئەمەش لەڕێگەی پشت بەستن بەدەستی کاری شارەزا وکارامە کە پیشەوەرەکان بوون.

بەشێك لەو پیشە دەستیانە لەپارێزگای هەولێر لە باپیرانیانەوە بۆ نەوەکانیان ماوەتەوە ، یاخود لەئەنجامی پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی دانیشتوان سەریهەڵداوە ، بەشێك لەو پیشانەش بەهۆی تێکەڵاوی وئاڵوگۆڕی بازرگانیی دەرکەوتووە ، هەموو ئەو پیشەگەریانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەرەو پێشبردنی ژێرخانی ئابووری پارێزگاکە ، وتوانیوانە لەڕێگای پیشەکانیان چەندین جۆر کالا وپێداویستی هەمەچەشن بەنرخێکی گونجاو بۆ دانیشتوان دابین بکەن . وێڕای ئەوەی توانیویانە لە ڕێگەی ئەو هونەرە دەستیانەی کە زۆربەی بەرهەمی هزری پیشەوەرەکان بوو بەشێوەیەکی شارستانیانە کەڵتوور و هونەرەکانی خۆیان نیشانی خەڵکی بیانی بدەن ، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری ناوچەکە بەگشتی و کەرتی گەشت وگوزاری بەتایبەتی.

**1-1 گرینگی توێژینەوەکە:**

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆ دەنوێنێ، کە یەکەم کاری زانستی و مێژووییە دەربارەی پیشەگەری و جۆرەکانی لە پارێزگای هەولێر لەو ماوە مێژووییە (1975-1991).

**2-1 ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە سەرەڕای گرنگیدان بەمێژوویی ئابووری کوردستان بریتییە لە خستنەڕووی لایەنێکی گرنگی کاری پیشەیی کە پیشە دەستیەکانە و گرفتەکانی کە ڕووبەڕووی بووتەوە لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 .

**3-1 میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژوویی و دیدەنی بەستراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست پیشە دەستیەکان و گرفتەکانی لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 بخرێتەڕوو .

**2- پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر 1975-1991**

پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر مێژوویەکی کۆنی هەبووە قۆناغ بەقۆناغ بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئاستی داهاتی نەتەوەیی گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە، هەروەها بەهۆی بوونی چەندین سیمای کۆمەڵایەتی وئابووری و کەلتوری دانیشتوانی پارێزگاکە کە خاوەن چەندین کەسانی پیشەوەری لێهاتوو و کارامە و دەست ڕەنگین بووە ( پیرداود، 1999 : 158) کە هەر یەکێکیان ڕۆڵی گرنگ وبەرچاویان لەبەرەو پێشبردنی ئابووری ناوچەکە و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریدا هەبووە ، لەهەمان کاتدا زۆربەی خەڵکی هەولێر لەڕێگەی پیشەکانیانەوە چەندین پێداویستی خەڵکی ناوچەکەیان دابین کردووە . پیشەکانیشیان ببووە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ بژێوی ژیانیان (درويش، 2000 : 130 ؛ بێخاڵی ، 2005 : 329-331 ).

لەساڵانی 1975-1991 پیشە دەستیەکان لەهەولێر هەبوون خاوەن بەهایەکی ئابووری و هونەری بوون کە زیاتر پشتیان بە دەست ڕەنگینی و شارەزای هونەری دەبەست ، کارەکانیشیان بەشێوەی تاك یان بەهەرەوەزی لەناو ئەندامانی خێزانەکان ئەنجامدەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات فێربوونی ئەو پیشانەش لەڕێگەی سەیرکردن و چاولێکەری و ڕاهێنان یان لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ ناوچەکانی ترەوە بووە ، یاخود ئەم پیشانە لەباوك و باپیرانیانەوە بۆ نەوەکانیان ماوەتەوە ( ڕۆستی ، 2007 : 21 ؛ هاوکاری ، 1985 : 9-11) .

بەپێی ئامارە فەرمیەکان لە ساڵانی 1975-1991 لەپارێزگای هەولێر سەدان جۆر پیشەی دەستی هەبووە ، ئەم ڕێژەیەش بەبەراورد بە ساڵانی پێشووتر ڕوو لە هەڵکشان بووە ، ئەمەش لەئەنجامی خراپی بارودۆخی ئابووری وسیاسیی عێراق و باشووری کوردستانەوە بووە ، چونکە لەو کاتەدا پیشەوەران بۆ دابینکردنی پێداویستیە ناوەخۆییەکان پیشەکانیان کردبووە ئامرازێکی دینامیکی بەهێز بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتێك بەدانیشتوانی پارێزگاکە بکەن و داهاتێکی کەمیش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لەکۆتایی هەشتاکان مۆڵەتی بۆ هێنانی ئامێر و مەکینە و ئامرازە پێشکەوتووەکان و دامەزراندنی کارگە بەخشی بەبەشێك لە پیشەوەران وخاوەن کارەکان ( وزارة التخطيط ،1975: 102).

لەوساڵانەدا زۆرترین پیشە دەستیەکان لەپارێزگای هەولێر لەبازاری قەیسەری بووە ، کە بەپێی جۆری پیشەکان بەسەر چەندین شوێنێکی بازارەکە دابەش ببوون، گرنگترین جۆرەکانی پیشەگەری لەپارێزگای هەولێر بریتیین لەمانە :

پیشەی دارتاشی یەکێك بوو لەو پیشەگەریانەی کە لەکۆنەوە لەپارێزگای هەولێر بوونی هەبووە ، شوێنێکی تایبەتیان لەبازاری قەیسەری هەبووە ، تاوەکو ئێستا ئەو پیشەیە لەهەولێر ماوە و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە ، هەرچەندە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو دەرکەوتنی ئامێری سەردەمیانە گۆڕانکاری بەسەر شێوە و جۆری کەل وپەلەکانیاندا هێناوە لەڕووی بڕ وجۆرەکانەوە بەڵام نەبۆتە هۆی نەهێشتنی پیشەکە ، بەڵکو لەو ماوەیەدا چەندین ئامێری پێشکەوتووی دارتاشی هێنراوەتە هەولێر و چەندین کارگەی دارتاشیش بەشێوازێکی هاوچەرخ دامەزراوە ، شوێنی ئەم پیشەوەرانەش لەشاری هەولێر کەوتۆتە سەرەتای بازاری قەیسەری و تەنیشت بازاری بەقالەکان ، لەماوەیەدا زیاتر لە (50) دارتاش هەبووە ( بێخاڵی ، 2010 : 151 ) بەشێك لەو دارتاشانە ئامێر و ئامرازە کشتوکاڵیەکانیان لەداری ئەسپیندار وداری بی ودار گوێز دروستکردووە ، ئامرازە کشتوکاڵیەکانیش وەك ( پێمەڕەو دەسکە خاکەناس و هەوجاڕ و ڕبە و شەغرە وشەنەوعارەبانە وچەکوش و بیور و هتد) بوو ، بەشێکی تر لە دارتاشەکان کەل وپەل وپێداویستی ناو ماڵیان دروستکردووە وەك(ملاك و کەوگیر و تیرۆگ وناوبرێشك وبێژینگ و هێرەگ ) ، بەشێکیشیان پێداویستیە سەرەکیەکانی ماڵیان دروستکردووە وەك (دەرگا و پەنجەرەی دار و کورسی و سندوقی دۆڵابی دار بۆ هەڵگرتنی جل و بەرگ و مێزی تەلەفزیۆن و هتد) ( حەسەن دارتاش ، 22/ 10 / 2022 ) .

هەندێك لەدارتاشەکان یاری منداڵان وپێداویستیەکانیان وەك لانك و بلور دروستکردووە ، جگە لەوانەش دارتاشەکان گرنگی زۆریان بەکارەکانیان داوە ودەست ڕەنگینی زیاتریان لەکارەکانیان بەکارهێناوە و توانیوویانە کارامەی و هونەری زیاتر لەپیشەکانیان بەکاربهێنن ، کە بەشی زۆری پێداویستیە ناوەخۆیەکان پڕبکاتەوە ، لەوانە دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەکانی مزگەوت و پێداویستی

دامو و دەزگاكانی حكومەت و ئامێرە مۆسیقیەكان وەك كەمانچە وتەپڵ و زەرب و نای ( محمد ، 1990 : 25 ) ، جگە لەوەی لەهەشتاكانیش سیسەم وكەنتۆر و مێز توالید وتاخمی نووستنیان دروستكردووە ، ئەم جۆرەیان داواكاری زۆری لەسەر بووە بەتایبەتی لەكاتی ژنهێنان ، ماڵی زاوا ئەم تاخمەی نووستنیان وەك پێداویستی بۆ بوك و زاوا كڕیووە ( ئەحمەد دارتاش ، 18/ 10 / 2022 ) .

شایانی ووتنە پیشەی دارتاشی جگ لەناو شاری هەولێر لە قەزا و ناحیەكانی سەر بەپارێزگای هەولێریش هەبوە بەتایبەتی لەقەزاكانی شەقلاوە و كۆیە ، دارتاشەكانی ئەم قەزایانەش توانیوویانە بەشێكی زۆری پێداویستی ناوچەكانی خۆیان دابین بكەن (گۆزێ ، 2014 : 54 ؛ شارەزا ، 2009 ، ل402 ) . لەدیارترین دارتاشەكانی قەزای ناوەندی هەولێر وەك ( حاجی محمد دارتاش ، حاجی حەوێز دارتاش ، حاجی عوسمان دارتاش ، عرفان دارتاش ، حاجی مستۆ دارتاش ، حاجی حەسەن ئەحمەد دارتاش ) و چەندانی تر ( ئەحمەد دارتاش ، 18/ 10 / 2022 ) ، لەقەزای شەقڵاوەش هەر یەك لە ( عەلی دارتاش و ئەنوەر حاجی خلیل و سەید مەجید ) و چەندانی تر بوون ( مەجید ، 11 / 11 / 2022 ) ، لەقەزای كۆیەش ( حاجی خالد دارتاش و نوری دارتاش و حاجی مەحەمەد وەلی ) و چەندانی تر بوون ( وەلی ، 10 / 12 / 2022 ) .

پیشەی بەرگدرووی هەر لەكۆنەوە لەلایەن پیاوان و ئافرەتانی هەولێر ئەنجامدراوە ، بەرگدرووی پیاوان لەشاری هەولێر لە بازاری قەیسەری لەبەشی باشووری بازاری گەورە بووە ، ئەوانەی لەشاری هەولێر و قەزا وناحیەكانیش بەرگدرووی پیاوان بوون لەدوكانەكانیان كورتەك و شەرواڵ و ڕانك وچۆغەڵ و كەوا و سەڵتە و پانتۆل و چاكەتیان دەدروا ( عەلی ، 2019 : 47 ) ، لەدیارترین بەرگدرووەكانی قەزای ناوەندی هەولێر وەك ( حاجی هاشم خەیات و حاجی خەلیل خەیات و جەلیل خەیات و جەبار خەیات و حاجی عەبدولخالق خەیات و یوسف خەیات و مەحەمەد كەریم خەیات) و چەندانی تر ( كەریم خەیات ، 21 / 11 / 2022 ) لەقەزای شەقڵاوەش هەر یەك لە ( نوری خەیات و حاجی كەریم خەیات و حاجی قادر خەیات وحاجی حەمەدەمین و حاجی حەمید عەلی خەیات ) و چەندانی تر بوون (عەلی خەیات ، 18 / 10 / 2022 ) .، لەقەزای كۆیەش ( حاجی مەحەمەد خەیات ، یونس خەیات ، مامە مستەفا حەمەد خەیات ، حاجی عەلی خەیات ، حاجی قادر خەیات ) و هتد ( قادر خەیات ، 20 / 12 / 2022) . هەرچی بەرگدرووی ئافرەتان بوو لەماڵەكان و بەشێك لەدوكانەكانی بازاری تەیراوە و كوران وقەزاكانی كۆیە و شەقڵاوە و ڕەواندز جل وبەرگی ئافرەتان ومنداڵانیان دەدروی ، كە بریتی بوون لە كراس و كەوا و مەكسی و هتد ... ( معروف خەیات ، 2022/10/20 ) .

بەرگدرووە ئافرەتەكانی شاری هەولێریش بریتی بوون لە ( ناهیدە حەمەد خەیات، سەدریە ملا ڕەشید خەیات ، نازەنین محەمەد ، وەهبیە حاجی ڕەسول ، كەوسەر خەلیل خەیات ، نزیرە حەمەد عەلی ، حاجیە نیهایەت ئەحمەد وەلی ) ( وەلی ، 2022/10/22 ) ، ئافرەتە بەرگدرووەكانی كۆیەش بریتی بوون لە (سەبیحەی عەبدە خەوەی و حەمدییەی كاكە مەلای ، نەجیبەی مام خولیفەی ، حەمدییەی عەبدەی سەلامی ، ئامینەی وەستا معروفی ، حەبیبی سۆفی سكتانی ، حەبیبی مەلا ڕەحمانی ، خەجیجی حاجی سمایلی ، فاتمە خانی مەلا برایمی ، عەیشێی سۆفی عەلی ، یا عیفەتی كاكە مەلای ) (شەورۆ ، 2010 :51-57 ) .

ئاسنگەری یەكێك بووە لەو پیشە دەستیە گرنگانەی لەپارێزگای هەولێر هەبووە ، لەساڵانی 1975-1991 ئاسنگەری پیشەیەك بووە كەماندووبونی زۆری تێدابووە بۆیە پێویستی بەئاڕامگرتن هەبووە ، هەروەها زۆربەی ئەوانەی ئەو كارەیان كردووە زیاتر لەباوكیان یان لەكەسە نزیكەكانیان ئەم پیشەیان بۆ ماوەتەوە ، ئەو كەسانەی ئەم پیشەیان كردووە دەستڕەنگین وكارامە بوون ، توانیویانە چەندین ئامێر وئامرازی كشتوكاڵی جۆراوجۆر دروستبكەن لەوانە( گاسن ، تەور ، جەنجەڕ ، بیور ، تەورداس ، خاكەناس، پیشەقان ، داس ، دەرگا ، پەنجەرە ، چەكوش ، چەقو ) (بێخاڵی ، 2010 : 106 ) ، لەهەمان كاتدا كەرەستەكانی ئەم پیشەیە لەكورەیەكی ئاسایی و دەزگایەك كەپارچە ئاسنە سووركراوەكەیان لەسەر دادەنا لەگەڵ ماشە و چەكوچ پێك دەهات ، لەناو دەزگاكانیان كورەی ئاسن توانەوەیان هەبووە ، كە بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانیان بەكاریان دەهێنا ( حەیران ، 2009 : 4089 ) . بەڵام دوای بەرە و پێشچوونی تەكنۆلۆژیا گۆڕانكاری بەسەر بەشێك لەو پیشەیەدا هاتووە و بەرەو لاوازی چووە ، بەتایبەتی ئامێر وئامرازە كشتوكاڵیەكان ، لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو دروستكردنی كەل وپەل وپێداویستی كشتوكاڵی بەئەندازەیەكی زۆر خواستی لەسەری كەمبۆوە ( هاوكاری ، 1985 : 9 ) .

لەدیارترین ئاسنگەرەكانی قەزای ناوەندی هەولێر وەك ( قادر ئاسنگەر و عادل ئاسنگەر ومەحەمەد ئاسنگەر و خەلیل ئاسنگەر و حاجی عەلی ئاسنگەر ) و چەندانی تر ( عەلی ئاسنگەر ، 11/1/ 2022 ) . لەقەزای شەقڵاوەش ( حاجی برایم و كوڕەكانی ) ئەم

کارەیان کردووە ( حاجی برایم ، 12/2/ 2022 ) ، لەقەزای کۆیەش ( حاجی نوری و عومەری بەکری و کەریمی خەجێ و ئاراسی بەسێ ) بوون ( ئاراسی عەلی ، 2022/12/29 ) .

خەنجەرچی و چەخماخچی : ئەم دوو پیشە لەپارێزگای هەولێر هەبووە کە نزیك بوون لەپیشەی ئاسنگەری ئەوانیش ، کە پیشەی یەکەمیان کاری دروستکردن و تیژکردنەوەی چەقۆ و خەنجەر بووە دیارترین کەس لەهەولێر کەکاری خەنجەرچی کردووە ( مام ئەحمەد ) بوو ، پیشەی دووەمیان کە چەخماخچیە کە ژمارەیان (20) دوکان بوو کاریان بریتی بوو لە چاککردنەوەی دەمانچە وتفەنگ و پڕکردنەوەی باروت ، دیارترین کەس کەپیشەی چەخماخچی بووە لە هەولێر (حاجی حەمیدی چەخماخچی ) بووە (هاوکاری / 1984: 8 ) .

پیشەی زێڕینگەری : یەکێکی ترە لەو پیشانەی کە لەپارێزگای هەولێر بەپیشەیەکی گرنگ وپڕ بایەخ دانراوە ، مێژووی ئەم پیشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ، پیشەگەرەکانیشی خاوەن شارەزای وکارامەی و دەست ڕەنگینیان پێوە دیاربووە و توانیویانە چەندین شێوەی جۆراو جۆر لە خشل و زێر بۆ جوانکاریەکانی ئافرەتان دروست بکەن لەوانە گوارەو بازن و دوگمە ودۆڵاب و ئەنگوستیلە و ملوانکە و خەزێم و خڕخاڵ و سنجاقی جۆراوجۆر و قایشی پشت و چەندانی تر (عەلی ، 2019 : 55 ) ، لەدیارترین زێڕینگەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر ( حاجی بەکر زێڕینگەر و مندالەکانی و حاجی وەلی و حاجی عەلی و جاسم مەحەمەد زێڕینگەر) و چەندانی تر ( مەحەمەد زێڕینگەر ، 2022/4/1 ) . لەقەزای شەقڵاوەش ( حاجی خالد زێڕینگەر و کوڕەکانی و حاجی ئەحمەد و حاجی مەحەمەد ) ئەم کارەیان کردووە ( حاجی مەحەمەد ، 2022/12/18 ) ، لەقەزای کۆیەش هەر یەك لە ( ڕێبوار وەلی زێڕینگەر و ئەحمەدی حاجی و حاجی مەحەمەد کەریم زێڕینگەر) بوون ( کەریم ، 2022/12/19 ) .

مزگەری یان صفاری یەکێکی تر بووە لەپیشە باوەکانی پارێزگای هەولێر ، لەساڵانی 1975-1991 چەندین کەس بەو پیشەیە خەریك بووینە، کاریان بریتی بووە لە سپیکردنەوەی هەموو ئەو کەل و پەل و پێداویستیانەی کە لەماڵ بەکارهاتوون و لەمس دروستکرابوون لەوانە قاپ و مەنجەڵ و تەشت وسینی و ملاك و دەستشۆر ، لەپێناو پاك ڕاگرتنی ئەم کەل وپەلانە وای دەخواست شەش مانگ جارێك سپیبکرێتەوە ، چونکە دوای ماوەیەك لەبەکارهێنانیان ڕەش هەڵدەگەڕان ( خضر ، 2019 : 101 ) . شوێنی مزگەرەکان لەبازاری قەیسەری کەوتبووە بەشی باکوور (چنارانی ، 2015 : 12 ) . دیارترین سەفارەکان بریتی بوون لە ( سەلیم سەفار ،غەفور مستەفا سەفار، حاجی مەحەمەد سەفار ،خەلیفە ئەحمەد سەفار ،مام تەها سەفار، وەستا مەجید سەفار ) ( مەجید سەفار ، 2022/1/8 ) .

پیشەی تەنەکەچی لەناو شار هەبووە ، کە پیشەکەیان بریتی بوو لە دروستکردنی پێداویستیەکانی ناو ماڵ وەك سوپای دار و کەندو وفرنی بچووك بۆ نان وسەموون و تەنەکەی نەوت و قوتووی بەتاڵ و سێری نان و چاککردنەوەی تاوە ئاگر ، چاکردنی سەماوەر و فانۆس و پەرەمێزی ئاگر و لۆکس ( نەوزاد ، 2018 : 62 ) ، گرنگترین ئەو کەرەستانەی بەکاریان هێناوە بریتی بوون لە ( چەکوشی ئاسن ، چەکوشی دار ، قاڵتەنە) ( ڕەشید ، 2004 : 36 ) .

پیشەی ڕستن و چنین ، ئەم پیشەیە لەساڵانی 1975-1991 پیشەی ڕستن و چنین لەچوار جۆر پێك هاتبوو کە بریتی بوو لە ( جۆلایی و کلاشچن ولبادچێتی و موتاپچی ) ، ئەوانە لە خووری و موو لۆکە هەر یەك لە جل وبەرگ و ڕایەخ وفەروە وجاجم و بەرماڵ و ڕەشماڵیان دروستکردووە (دحام اسماعیل ، 2015 : 88 ) .

پیشەی جۆڵایی یەکێك بووە لەو پیشانەی کە لە پارێزگای هەولێر بوونی هەبووە ، لەو پیشەگەرییەدا بەرماڵ و جاجم و ڕانك وجۆغەڵی کر (سەرابی ، 2002 : 106 ) و گۆرەویی بەرهەم دەهێنرا ، زەنگیەنەکانی هەولێر ئەوانەی حەزیان بەجلی کوردی چنراو لە خوری و داوی مەرەزی خۆمالی بکردبایە خۆیان داو خوریەکەیان دەکڕی و دەیان هێنا بۆ پیشەگەرە جۆڵاکە ، ئەویش بەگوێرەی داواکاری لەڕووی نەخشداری و سادەیی بۆیان دروست دەکردن ، ئەو ئامێرانەی لەپیشەی جولایی بەکارهاتبوو بریتی بوو لە (دانە و لادار و چاوپێچ و پێچاڵ و خەرەك) ( هاوکاری ، 1982 : 4 ؛ هاوکاری ، 1981 : 7 ) . لە قەزای ناوەندی هەولێر چەندین کەس کاری جۆڵایان کردووە لەوانە( عەلی جۆڵا و حاجی قادر جۆڵا و حاجی مەحەمەد جۆڵا) (مەحەمەد جۆڵا ، 2022/2/1 ) ، لەقەزای شەقڵاوەش ( حاجی حەسەن جۆڵا ) (حەسەن جۆڵا، 2022/1/8 ) و لەقەزای کۆیەش هەر( مەحەمەد جۆڵا و خەلیل جۆڵا ) ئەم کارەیان کردووە ( خەلیل جۆڵا ، 2022/1/7 ) .

کلاشچن و پینەدۆزی دوو پیشەی خەڵکی هەولێر بوون ، کلاشچنەکان پیشەیان دروستکردنی پێڵاو بوو کەسەری بەبەن یان دەزوو دەچێندرا ، بنەکەشی بەقایش یان لاستیك و پەڕۆ بوو ، زۆربەی کات لە تایەی ئۆتۆمبێل دروستیانکردووە ، بەشێکیشیان لەپێستی دەباغکراو پێڵاو یان دروستکردووە ( مەلای ڕەش ،2012 : 329 ) .

پینەدۆز ئەو کەسە بوو کە پینەی لە پێڵاوی دڕاو دەدا و چاکی دەکردەوە ، جگە لەوەی بەشێك لەو پینەدۆزانە پێڵاویان لەقایشی تایەی ئۆتۆمبێل دروست دەکرد و ساڵانە دەچوونە گوندەکان وکاری پینە دۆزیان دەکرد لەساڵانی 1975-1991 لەپارێزگای هەولێر هەریەك لە ( مام محمود و موحسین خۆشناو ومام خەلیفە و مام دەروێش و حاجی خالد ) و چەندانی تر ئەم کارەیان کردووە( حاجی خالد ، 12/9/ 2022 ) .

پیشەیەکی دیکەی خەڵکی هەولێر بریتی بوو لە پیشەی کارگەچی (لبادچی ) کە سوودیان لە خۆری ئاژەڵ وەرگرتووە بەتایبەتی لە ئاژەڵی بەرخ یان مەڕ ، کە دەبڕایەوە لواکەی لێدەکرایەوە لەلایەن پەڕەچییەوە بەئامێرێکی تایبەت پەڕە دەکرا ، چەندین پێداویستی ناو ماڵیان دروستکردووە لەوانە ڕایەخ ولێف و بالیف و دۆشەك و لباد و لاکێش و قاپوت ( ئەمین حەیران ، 2009 : 4097 ) .

پیشەیەکی تر لەپیشەکانی چینین بریتی بوو لە موتابچی ( مووبادان ) ، ئەم پیشەیە زیاتر لەلایەن ئافرەتانی لادێیەکان بووە و بەشێکیش لەئافرەتانی ناو شاری هەولێر ئەم کارەیان ئەنجامداوە ، دوای ئەوانە پیشەکەی تر دێ کە بریتی بووە لەهۆنینەوە و بادانی خوری ومووو و لەڕێگەی ڕستنی تەشییەوە بابەتەکانی بەن و دۆخین و گوریسیان بەرهەمهێناوە (عەلی ، 2019 : 59 ) . ئەو ئافرەتانەی لە ساڵانی 1975-1991 لە هەولێر ئەم کارەیان کردووە بریتی بوو لە (وەزیرە معروف ، حەمدیە خان ، نورهان ئەحمەد ، سەدریە خانم ، عائیشە ئەسعەد ) و چەندانی تر( ئەسعەد ، 2022/4/22 ) .

سەراجی یەکێکی ترە لەپیشە کۆنەکانی هەولێر ، لەساڵانی 1975-1991 لە هەولێر هەبووە ، سەراجەکان ئەو کەسانە بوون کە لەپیستەی ئاژەڵ چەندین پێداویستیان بەرهەم هێناوە لەوانە ( دروستکردنی پێلاو ، قایشی پشت ، بەرگی دەمانچە ، دەسکی چەقۆ و شیر و خەنجەر ) ، لەسەرەتای ن نەوەدەکان بەهۆی دەرکەوتنی کارگە وئامێری پێشکەوتوو ئەم پیشەیە بەرەو لاوازی چووە ( سۆفی سەڕاج ، 10/28/ 2022) .

پیشەیەکی تری خەڵکی هەولێر بریتی بوو لە پیشەی کوورەچی ، ئەو کەسانەی ئەو پیشەیان ئەنجام داوە پێیان دەوترا کوورەچی (عەلی ، 2001 : 90 ) ، کە بریتی بوون لەچەندین کەسی شارەزا و دەستڕەنگینی هەولێر لەکوورەوە کەرپووچ و خشتی سوورکراوە و چەندین کەل وپەل و پێداویستی ناوماڵیان لە خۆڵ ( گڵ) دروستکردووە ، وەك (گۆزە و گوپە و جەڕە) (تۆفیق کوورەچی ، 2012 : 27 )، دروستکردنی خشتی سوور بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت وەك : هێنانی قوڕەکە پاشان پاککردنەوەی لەبەرد وتێکەڵکردن و شێلانی لەگەڵ ئاو ، دواتر دەخرێتە ناو قالبی چوارگۆشە و دەبڕدرێت ، ئینجا دەبردرێت بۆ ناو کورەی ئاگر کە ژێرەکەی نزیکەی (3) مەتر قووڵ بوو پاشان لەسەریەکتریان دادەنا ، دوای سووربوونەوەی خشتەکان دەردەهێنران ، دواتر دەگوێزرانەوە بۆ شوێنی فرۆشتن (بێخاڵی ، 2010 : 178 ؛ مصطفی ، 2014 : 76 ) . لەقەزای ناوەندی هەولێر هەریەك لە ( مام حاجی خەلیل کوورەچی و مەحەمەد ئەسعەد کوورەچی و نوری کوورەچی ) و چەندانی تر ئەم کارەیان کردووە ( نوری کوورەچی ، 18/ 10/ 2022 ) .

شایانی ووتنە لەساڵانی 1975-1991 لە هەولێر ژمارەیەك خەڵك بەپیشەی دروستکردنی گۆزە خەریك بوون ، لە کارەکانیان هەڵساون بە هێنانی خۆڵ لەشێوەی لم بەپێژنگ بێژیویانە و کردویانە بە قوڕ دواتر شێلاویانە ، ئینجا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك جێیان هێشتووە تا قوڕەکە خوساوە پاشان لەشێوەی ئەنگوتك خراوەتە سەر ئامێری چەرخ ، دواتر لەشێوەی جیاواز کووپە و گۆزە و جەڕەیان لێ دروستکردووە (النعیمي ، 1990 : 67 ؛ حەیران ، 2005 : 100) جگە لەپیشەی گۆزەگەری پیشەیەکی تر لەهەولێر هەبووە کە پیشەی دروستکردنی گەچ(گەجچی) ناسرابوو . ئەم پیشەیە زیاتر لەدەورو بەری قەزای کۆیە بەشێوەیەکی فراوان کراوە ، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین تاوێرە شاخ ، کە دوای تەقاندنەوەی تاوەرە گەچەکان و کۆکردنەوەی کەرەستە خاوەکەی بەهۆی ئامێری گواستنەوە لەسەرچاوەی سەرەکی دەگوازرێتەوە بۆ کوورەکە ، کە نزیکەی (100) مەتر لەکوورەکە دوورە پاشان کەرەستە خاوەکە دەخرێتە کوورەی ئاگرەکە تا سووردەبێتەوە ئینجا دەخرێتە ئامێری کەسارە و دەهاردرێت و دەبێت بەگەچ و دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی فرۆشتن ( خەجێ کوورەچی ، 2022/7/21 ) .

پیشەی ناڵبەندی یەکێك بووە لە پیشە باوەکانی خەڵکی هەولێر بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری دانیشتوانی هەولێر بۆ کاری ڕۆژانەیان بەتایبەتی بۆ کاری گواستنەوە و بارکردن و کشتوکاڵکردن و بازرگانی و ڕاووشکاری سوودیان لەئاژەڵەکانی وەك ئەسپ و ماین و هێستر و گوێدرێژ وەرگرتووە ( لەتیف بەرزنجی ، 2009 : 4195 ) ، ناڵ پارچە ئاسنێك بووە بە قەبارەی پێی وڵاغەکان بە بزماری تایبەت چەسپ دەکرا و لەبنی پێیان دەدرا ، ساڵانە بەگوێرەی پێویست ناڵەکانیان بۆ دەگۆڕین بۆ ئەوەی پێیەکانیان تووشی ئازار نەبێت ، هەموو کەس نەیدەتوانی ئەم کارە بکات ، بەڵکو لەلایەن کەسانی شارەزا کە کاریان ناڵبەندی بوو ئەنجام دەدرا( عەبدوڵڵا ، 2018 : 56 ) . لەدیارترین ناڵبەندەکانی هەولێر ( مەحەمەد عەساف ناڵبەند ، گەردۆ ناڵبەند ، ئیبراهیم ناڵبەند ، ئەحمەد سەلیم ناڵبەند ) بوون ( سەلیم ناڵبەند ، 2022/7/11 ) .

دوو پيشەی تر كە نزيك بوون لە پيشەی ناڵبەندی ئەوانيش پيشەكانی كورتاندروو زيندروو بوون ، ئەم پيشانە لەساڵانی 1975-1991 لەلايەن خەڵكی هەولێر ئەنجامدراوە ، كورتان ڕووی سەرەوەی لەبەڕە يان جەواڵ و ژێرەوەشی لە لباد دروستكرابوو ، زياتر تەرخانكرابوو بۆ ئاژەڵی گوێدرێژ تاوەكو لەكاتی هەڵگرتنی باری قورس پشتی ئاژەڵەكە تووشی ئازار نەبێ ، زين و لغاو ڕەشمەش بۆ وڵاغی( ماين و ئەسپ و هێستر ) لەلايەن زيندروو (سەراج) ەكانەوە دروستكراوە( فەقێ ، 2008 : 64 ) ، پارچەی زين پێكدەهات لە (بێلەمە ، سەركەلە ، عەرەق گير ، تەكەڵ توو ، قەڵتاغ ، لوقمە ، ئاوزەنگی ، نەرمە زين ، سەرزين ، تەنگەبەرە ، قوش قۆڵ ، سەركەلە ، دەستە جاڵە ولغاو ) پاش دروستكردنی بەشتی جۆراوجۆر و چنيين و دروويين وقولاپ ئەيان ڕازاندەوە( مەحمود ، 2000 : 34 ) .

دەباغچی (پێستە خۆشكەر) يش يەكێكی تر بووە لەو پيشانەی كە هەر لەكۆنەوە لەنێو شاری هەولێر هەبووە ، ئەوانەی ئەم كارەيان كردووە بنەماڵەكانيشيان نازناوی پيشەكەيان وەرگرتووە و پێيان گووتراوە بنەماڵەی ( دەباغ ) ( پيرداود ، 1999 : 160 ) . كاری ئەم پيشەوەرانی (پێستە خۆشەكە ) بريتی بوو لە چاككردن و خۆشكردنی پێستەی ئاژەڵان وەك (گا ، بزن ، مەڕ ، كار ، بەرخ) ، ئەم پيشەوەرانە پێستەيان بۆ دروستكردنی ( پێڵاو ، جانتا ، دەف ، تەپڵ ، دەهۆڵ ) بەكارهێناوە ( بێخاڵی ، 2005 : 126 ) . لەساڵانی 1975-1991 لە شاری هەولێر چەندين كەس كاری پێستە خۆشكەر يان كردووە وەك ( مەحەمەد حاجی قادر دەباغ ، مام سەرخۆش دەباغ ، عزەدين دەباغ) ( عزەدين دەباغ ، 2022/2/11 ) و چەندانی تر ، لەقەزای كۆيەش بنەماڵەی ( عومەر دەباغ ) ئەم كارەيان كردووە ( عومەر دەباغ ، 2023/2/11 ) .

پيشەی خمچيەتی بريتی بووە لە ڕەنگكردنی جل وبەرگ ، خم ماددەيەكی دەنك درشتی ڕەنگ باينجانی بووە ، دوای تێكەڵكردنی لەگەڵ چەند ماددەيەكی تر جل وبەرگەكانی پێ ڕەنگ دەكرا ، ئەم پيشەيە ڕاستەوخۆ پەيوەندی بە باری دارايی و بژێوی ژيانی خەڵكەوە هەبوو ، ئەم پيشەيە بەئەندازەيەكی كەم لە ناو شاری هەولێر هەبووە ، زياتر لەلای گوندنشينەكان هەبووە ئەمەش بەهۆی كەم دەرامەتی و هەژاری خەڵكی گوندەكانەوە بووە كە لەكاتی كۆن بوونی جل وبەرگەكانيان ساڵێ چەند جارێك پۆشاكەكانيان لەلای خمچيەكان ڕەنگ دەكردەوە ( عەلی ، 2019 : 69 ؛ حاتەم ، 2018 : 143 ) ، خمچيەكان لەخومانە قوماش و خام و بلووری و شاڵ و خوريان دەخستە ناو مەنجەڵێك يان مەركانەی گەورە دواتر خميان لەگەڵ چەند ماددەيەكی تر تێدەكرد و دەيان خستە سەر ئاگر تا بەجوانی تێكەڵ بن و ڕەنگی بگرن ، ئينجا دەريان دەهێنا و هەڵيان دەخست تاكو وشك ببێتەوە ( كەريم ، 2000 : 41 ) .

شايانی باسە لەكۆتايی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی زۆربوونی قوماش و كۆتای هاتنی شەڕی عێراق وئێران ، ئەم پيشەيە لەناو شاری هەولێر بەرەو لاوازی چوو تەنيا لە هەندێ لەگوندەكان مابوو . لەديارترين خمچيەكانی هەولێر هەر يەك لە( عصمت خمچی ، غازی مەحەمەد خمچی ، مام سابير خمچی ، هادی خمچی ) بوون ( هادی خمچی ، 2022/8/11 ) .

پيشەی تەلارسازی بريتی بوو لە دروستكردنی خانووبەرە لەلايەن وەستای بيناسازی ، كەكەسێكی شارەزا بوو لەدانانی پلان ونەخشە بۆ خانوو وبيناكان ، لەكارەكەيدا كەسێك بەناوی خەلفە لەگەڵ چەند كرێكارێك بۆ گواستنەوەی پێداويستەكانی بيناسازی وەك كەرپوچ و قوڕ و گەچ و چيمەنتۆ لەگەڵی كاريان دەكرد ، ئەم وەستايانە لەشار و گوندەكانی هەولێر دا هەبوون ، توانيوويانە لەساڵانی 1975-1991 چەندين قەڵا و خانوو لەچەند نهۆمێك لە پارێزگای هەولێر بينا ( عەزيز ، 2022/9/6 ) . لەديارترين وەستاكانی بيناسازی لە هەولێر هەر يەك لە ( عەبدوڵڵا چيچۆ ، وەستا هاشم و مام خورشيد و وەستا عوسمان و وەستا خالد بۆری و وەستا فارس عەلی) و چەندانی تر بوون ( عەلی ، 2022/8/11 ) .

پيشەی نانەوای لەهەولێر بەشێوەيەكی فراوان هەبووە ، بەوپێيەی يەكێك بووە لە پێداويستيەكانی ڕۆژانەی خەڵك ، هەر چەندە لەسەرەتا ژنان نانيان لەماڵەوە دروست دەكرد ، بەڵام دوای ئەوەی نانەواخانە وسەمونخانە لەهەولێر دامەزران ، ئيتر زۆربەی خەڵك بۆ دابينكردنی ئەم پێداويستيە ڕوويان دەكردە نانەواخانە و سەمونخانەكان ، هەروەها بەشێك لە خەڵكی شار نان وسەموونيان لەگەڕەكەكان بەعارەبانە يان بە پايسكل دەفرۆشت ( كەريم نانەوا ، 2009 : 4104 ).

لەساڵانی 1975-1991 پيشەی ئاشەوانی يەكێكی تر بووە لەو پيشانەی كە خەڵكی هەولێر لەشار و گوندەكان بايەخيان پێداوە ، ئەم پيشەيە ببووە بژێوی ژيانی ژمارەيەك لە خەڵكی هەولێر ، سەرەتا ئاشی ئاو هەبووە كە بەئاو كاريان دەكرد و كارپێكردنی وەستای شارەزای تايبەت بەخۆی هەبووە ( ڕۆستی ، 2007 : 118 ؛ حاتەم ، 2018 : 143 ) ، خەڵك بۆ هاڕينی گەنم و دروستكردنی ساوار و ئارد و گەنمە كوتا و دوای ئەوەی ساڵانی هەشتاكان ئاشی ميكانيكی و خێرا لەكاركردن پەيدا بوو ، خەڵكيش بۆ دابينكردنی پێداويستيیە دانەوێلەكانيان و لێكردنيان پەنايان دەبرد بۆ ئەم ئاشە ميكانيكيە هاوچەرخانە ، ئيتر ئەو ئاشانەی كە بەئاو

کاریان دەکرد بەرەو کەمبوونەوە چوون (عەلی ئاشەوان ، 22/ 11 / 2022 ) یەکێکی تر لە پیشەگەرییەکان لەهەولێر بریتی بوو لە پیشەی کارێزلێدان ، ئەم پیشەیە پێویستی بە وەستای کارمە وشارەزا بوو لە هەڵکەندنی کارێزدا ، لێدانی کارێز بەمەبەستی دەرهێنانی ئاو لەناخی زەوییەوە بوو ، ئەوانەی ئەم پیشەیان کردووە پێیان وتراوە( کارێزچی) ، کاری ئەم پیشەوەرانە بریتی بوو لە دابینکردنی ئاو بۆ ماڵان و مزگەوت وئاش و گەرماو و چالاکییە کشتوکاڵییەکان ( سمایل ، 2009 : 232 ) .

شایانی ووتنە دوای ساڵی 1989 لەچوارچێوەی پلانی ئابووری دەوڵەتی عێراق ، وەزارەتی بازرگانی عێراق چەندین ئامێرو ئامرازی پێشکەوتووی بۆ بیرلێدان لەدەرەوە هاوردە کرد ، هەولێریش وەك بەشێك لەعێراق پشکی لەو ئامێر و ئامرازەکاندا هەبوو ( وزارة التخطيط ، 1991 : 164 ) . دوابەدوای زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەولێر لەماوەی 1975-1991 ئۆتۆمبێل و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ( وزارة التخطيط ، 1990 : 178 ) ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەستای تایبەت بە چاککردنەوەی ئەم ئامێرانە لەهەولێر دەرکەوتوون ، بەتایبەتی پیشەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل کە خۆی لەپیشەکانی فیتەری و وایەرمەنی وجامجی و بۆیاخچی و تۆڕنەچی و پەنچەرچی و ڕۆنگۆڕ هتد ... دەبینیەوە ، هەروەها لەو کاتەدا بەهۆی کەمی یەدەگی ئۆتۆمبێل زیاتر کەل و پەلی ئۆتۆمبێلی ناوەخۆیان بەکارهێناوە (عەلی ، 2019 : 89 ) . جگە لەمانە چەندین پیشەی تر لە هەولێر هەبووە وەك پیشەی چاپچێتی و خواردنگە و گەرماوەکان و بەفرۆشی و سەرتاشی و پزیشکی میللی ( مامانی و بەیتاری و بۆنبڕی ) ، کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی هەولێر بەم پیشانە خەریك بووینە ( ئەحمەد ، 2009 : 57 ) .

**3 - ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی پیشەگەری لە پارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991**

وێڕای ئەوەی پیشەوەرانی هەولێر لەوماوەیەدا بەهۆی پیشەکانیان سەرمایەکی کەمیان دەست کەوتووە ، بەڵام وەك کارێکی ڕۆژانە توانیوویانە بەو داهاتە کەمەی کە لەڕێگای پیشەکانیان دەستیان کەوتووە پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و گرفتی جۆراوجۆر بوونەتەوە ، هەر یەکێکیان بەشێوەیەك کاریگەریان لەسەر بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی پیشەکانیان هەبووە ، بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەم و نزمبوونەوەی ئاستی داهاتیان ، گرنگترین ئەو ئاستەنگ و گرفتەکانەش بریتی بوون لە :

- دەرهێنانی مۆڵەتی پیشەیی : ئەمەش یەکێك بوو لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پیشەوەرانی هەولێر ببۆوە ، بەو پێیەی حکومەت بە بڕیاری ژمارە (2451)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق کە لە 1979/12/21 دەرچوو، بڕیاریدا هەموو خاوەن پیشەکان لەعێراق دەبێ مۆڵەتی کارکردنیان هەبێ ئینجا کاربکەن ، بەپێچەوانەوە نابێ هیچ پیشەوەرێك بەبێ مۆڵەتی پیشەیی کاربکات ، هەر کەسێك سەرپێچی بکات سزادەدرێ ( الوقائع العراقية ، 1979 : 11 ) . ، ئەمەش گرفتێك بوو ڕووبەڕووی پیشەوەران بۆوە ، بەجۆرێك بەشێك لەپیشەوەرانی هەولێر بەو پێیەی پێشتر لەگەڵ شۆڕشی کوردستان بوون و نەیاندەتوانی بچن مۆڵەتی پیشەیی دەربهێنن ، چونکە دەبوو بچن لای موختاری گەڕەکەکانیان پشتگیری بهێنن ، ئینجا مۆڵەتی کارکردنیان پێدەدان ، زۆربەی کات موختارەکانیش لەکاتی پێدانی پشتگیری بەو کەسانە لەسەر پشتگیریەکەیان هێمایەکیان دادەنا ، واتە مۆڵەتی کارکردن نەبەخشرێ بەو کەسە ، بۆیە زۆرجار ئەو کەسانە لە کارکردن بەشێوەیەکی فەرمی بێ بەش دەکران و بەناچاری یان بەمۆڵەتی کەسێکی تر یان بێ مۆڵەت کاریان دەکرد ، ئەمەش ئاستەنگ بوو بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانیان (مەجید دارتاش ، 2022/11/11 ؛ قادر خەیات ، 2022/12/20 ) .

**- سەپاندنی باج** : یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پیشەوەرانی هەولێر بۆتەوە بریتی بووە لە سەپاندنی باج ، کە ڕێژەیی باجەکان بەگوێرەی جۆری پیشەکانیان دەگۆڕا ، هەروەها ئەو باجانەش بەدوو شێواز لە پیشەوەران وەردەگیرا ، شێوازی یەکەم لەکاتی دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردن بەناوی ڕسومات ، شێوزای دووەم لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن وەردەگیرا ( نوری کوورەچی ، 2022/10/18 ) .

- ئەندامێتی لەسەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیەکانی سەر بەحکومەت: یەکێکی تر بوو لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پیشەوەرانی هەولێر بۆوە ، بەجۆرێك لەو کاتەدا حکومەت بەبڕیاری ژمارە (3119) لە1981/4/8 بڕیاریدا دەبێ هەموو پیشەوەرانی عێراق ببنە ئەندام لەسەندیکا وڕێکخراوە پیشەییەکان (الوقائع العراقية، 1981 : 19 ) ، ئەم بڕیارەی حکومەت گوایە بۆ داکۆکیکردن بووە لەمافی پیشەوەران ، بەڵام لەڕاستیدا بۆ مەرامی سیاسی بوو ، بەشێوەیەك هەموو هەوڵەکانی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی پیشەوەران بوو لەناو ڕێکخراوەکانی سەر بەحکومەت بەجۆرێك لەم قۆناغەدا کارکردنی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان بەسترابۆوە بە سەندیکاکانی عێراق ( الدهري ، 2001 : 232 ) ، لەو ماوەیەدا ئەم بڕیارەی حکومەت گرفتی بۆ بەشێکی زۆر لە پیشەوەرانی هەولێر

دروست کردبوو ، چونکە بەشێکی زۆر لەو پیشەوەرانە نەبوونە ئەندامر لەسەندیکای کرێکاران و پیشەوەران ، بەوپێیەی ئەو سەندیکایانە سەر بە حزبی بەعسی فەرمانڕەوا بوون ( مەحەمەد وەلی ، 2022/12/10 ؛ مەحەمەد زێڕینگەر ، 2022/4/1 ) .

- **بەشدار نەبوون لەکردنەوەی خولی پیشەیی :** یەکێکی تر بوو لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بەشێك لە پیشەوەرانی هەولێر بۆتەوە ، چونکە لەو ماوەیەدا 1975-1980حکومەت (14) خولی ڕاهێنان و هۆشیاری و کارامەی بۆ پیشەوەرانی هەولێر کراوەتەوە( وزارة التخطيط ، 1981 : 44 ) ، هەروەها لەساڵی 1985(4) خولی ڕاهێنانی تری بۆ پیشەوەرانی هەولێر کراوەتەوە ( وزارة التخطيط ، 1986 : 54 ) ، بەڵام ئەوانەی کە بەشداریانکردووە لەمر خولانە ئەو کەسانە بوون کە بەعسی بوون ( الدوري ، 1984 : 46 ) یان ئەندامبوون لە سەندیکاکانی پیشەوەرانی کوردستانی عێراق ، بەو شێوەیە ئەو پیشەوەرانی هەولێر کە ئەندامر نەبوون لە سەندیکای پیشەوەران و حزبی نەبوون بێ بەش ببون لەو خولانە ، لەڕاستیدا کردنەوەی ئەو خولانە کارێکی باش بوو بۆ پیشەوەران بۆ بەرەو پێشبردنی کارەکانیان ، بەڵام بەشدارنەبوونی بەشێك لەپیشەوەرانی هەولێر کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر بەرەو پێشبردنی پیشەکانیان (ئەحمەد نەجار ، 2022/10/18 ) .

- **پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و دەرکەوتنی ئامێری نوێی بەرهەمهێنان :** یەکێك بووە لەو گرفتانەی کە رووبەڕووی پیشەوەرانی هەولێر بووتەوە ، چونکە ئامێر و ئامرازە نوێیەکانی بەرهەمهێنان شوێنی دەستی گرتەوە ، دیاردەی بێکاری سەری هەڵدا ، بەشێك لەپیشە دەستیەکان بەرەو لاوازی ونەمان چوون ( عومەر دەباغ ، 2023/2/11 ) .

- ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی : گرفتێکی تر بریتی بوو لە ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان ، بەتایبەتی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1975 بارودۆخی کوردستان ناسەقامگیر بوو ، دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی پلانێکی سیستەماتیکی بۆ ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دابرێژێت ( پشدری ، 2009 : 109 ) یەکێك لەو پلانانە بریتی بوو لە دامەزراندنی چەند ڕێکخراو ونووسینگەیەکی سەر بەحزبی بەعس لەهەولێر لەبواری ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی ( هاوکاری ، 1981 : 8 ؛ العراق ، 1984 : 6 ) . کە کاریان بەحزبی کردنی پیشەوەران بوو بۆ ناو ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبی بەعس و دوورخستنەوەیان لەڕێکخراوەکانی تر وەك ڕێکخراوەکانی سەر بەحزبی شیوعی و حزبە کارتۆنیەکان(پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵەکەی عەزیز ئاکرەیی و پارتی شۆڕشگێری کوردستان و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی کورد ) کە لەو کاتەدا لەهەولێر هەبوون ( حاجی یوسف ، 2022/4/11 ) ، هەروەها حکومەت لە ڕێگای سیخوڕەکانی چاودێری پیشەوەرەکانی دەکرد و هەوڵی هێنانە ناو ئەو ڕێکخراوانەی دەدا ، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێك لەو پیشەوەرانەی کەبەشداریان لە شۆڕشی کوردستان کردبوو واز لەکارەکانیان بهێنن یان شوێنی کارەکانیان بگۆڕن ( عزەدین دەباغ ، 2023/2/11 ) .

لەلایەکی تر حکومەت لەساڵی 1978 بۆ ڕاکێشانی پیشەوەرانی هەولێر بۆ ناو سەندیکای پیشەوەرانی کوردستانی عێراق دەستیکرد بە دابەش کردنی (800 ) پارچە زەوی بەسەر پیشەوەران لەناوچەی پیشەسازی باکوور ، دواتر دابەش کردنی (200 ) پارچە زەوی بەسەر ئاسنگەران لە ناوچەی پیشەسازی باشوور ( الحكم الذاتي (ئۆتۆنۆمی) ، 1978 : 62 ) .

دوای تێکچوونی پەیوەندی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ حزبی بەعس لەساڵی 1979 ژمارەیەك لەکادیرانی حزبی شیوعی کە پیشەوەر بوون لەناو هەولێر مانەوە و دەستیان بەڕێکخستنی نهێنی کرد کە لەلایەن لیژنەی مەحەللی هەولێر سەرپەرشتی دەکران ، دوای چەند مانگێگ هەندێکیان لەڕێگای دەزگا سیخوڕەکانی بەعس ئاشکرا کران و دەستگیرکران لەوانە مەحەمەد شیوعی و قادر شیوعی کە پیشەیان دارتاش بوو ، عەلی مامە ونەهرۆ خەلیل پیشەیان بەرگدروو بوو لەسیدارە دران (نادر ، 2/22/ 2023 ) .

دوای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران حکومەت داوای لەهەموو چین وتوێژەکانی هەولێر بە پیشەوەرانەوەش کرد پشتیوانی لەجەنگدا بکەن بە بەخشینی گیان وماڵیان ، لەو پێناوەدا حکومەت (20) مەڵبەندی مەشق پێکردنی بۆ ئەوانەی خۆبەخشن لەپارێزگای هەولێر کردبۆوە ( هاوکاری ، 1980 : 2 ) ، دوای ئەوە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەش لەناو شارەکان زیادیانکرد ، بۆیە حکومەت هەوڵی زۆری دا بۆ ئاشکراکردنی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبە کوردستانیەکان لەناو هەولێر زۆرجار بەدوای دۆزینەوەی خەڵك دەگەڕا لەنێو ڕێکخستنەکاندا ، دواتر وازی لێدەهێنان و دەیهێشتنەوە بۆ سیخوڕیکردن وئاشکراکردنی کەسانی تر بۆ نموونە ساڵی 1981 لەهەولێر هەر یەك لە (خەلیل ئەکرەمر دارتاش و عەلی خورشید ) کە سەر بەڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوون دەستگیر کران دوای ساڵێك لەسێدارەدران ( کانەبی ، 2023/2/20 ).

لەلایەکی تر لێپرسراوانی حکومەت لە هەولێر بۆ ئەوەی دانیشتوانی هەولێر ناچار بکەن بۆ کاری خۆبەخشانە بچن بۆ بەرەکانی شەڕ هەموو ڕێگاو شێوازێکیان بەکاردەهێنا لە ئەشکەنجەدان و گرتن و کوشتن دژ بەو کەسانەی کە ئامادە نەبوون بچن بۆ بەرەکانی شەڕ ( دەنگو باسی کوردستان ، 1983 : 7 ) لەو کاتەدا هەریەك لە (ناسر عەلی مەحموود بەزاز و ئارام عەلی کەریم و حەسەن

فارس دارتاش و ئەدهەم قەساب ) و چەندانی تر بەهۆی نەچون بۆ خزمەتی سەربازی ونەکردنی کاری خۆبەخشانە دەستگیر کران ، دوای چەند مانگێك بەتۆمەتی سیخوڕیکردن دژ بەحکومەت لەسێدارەدران ( کانەبی ، 2/20/ 2023 ) .

لەلایەکی تر حکومەت پاداشتی ئەو کەسانە و کەس وکاریانی دەکرد کە بەشداریان لەشەڕدا دەکرد و گیانی خۆیان لەپێناو حکومەت بەخت دەکرد ، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە تاکو تشرینی یەکەمی 1982 حکومەت لەشاری هەولێر ( 10) هەزار پارچە زەوی بەسەر ئەو هاوڵاتیانە دابەشکرد کە بەشداری شەڕ بوون و کوژران ( هاوکاری ، 1982 : 2 ) ، هەروەها ساڵی 1983 پیشەوەرێك بەناوی (شێخ مەحەمەد بیلال قەساب ) لەگەڵ هاوڕێیەکانی ، بەهۆی ئەوەی (43) بوتل خوێنیان بەخشی بوو ، پارچە زەویەکی لەلایەن پارێزگاری هەولێر پێ بەخشرا (هاوکاری ، 1983 : 3 ) .

دوای ئەوە لە 10ی نیسانی 1984 حکومەت بەبڕیاری ژمارە (433) کە تایبەت بوو بە ڕاگرتنی بڕیارە تایبەتەکانی سەبارەت بەبەخشین (تەسریح) کردنی کورد لە خزمەتی سەربازی ، ئەمەی بۆ ئەوە بوو ئەوانەی ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە ڕاستەوخۆ بیان بەن بۆ بەرەکانی جەنگ دژ بە سوپای ئێران( دەنگو باسی کوردستان ، 1985 : 5 ) . بەگوێرەی ئەو بڕیارە ژمارەیەك لە پیشەوەرانی هەولێریش وازیان لە پیشەکانیان هێنا و کران بەسەرباز .

لەسەرەتای ساڵی 1986 نرخی نەوت دابەزی بەمەش ئابووری عێراق ڕووی لە داتەپین کرد و نەیتوانی خەرجی جەنگ دابین بکات و قەرزەکانیش بداتەوە ، بۆیە بەناچاری بۆ خەرجی شەڕ پەنای برد بۆ شێوازێکی تازە لە کۆکردنەوەی پارە و زێڕ لەهاوڵاتیان و پیشەوەران بە زۆرەملێ ، ئەو بڕە پارەی لەپیشەوەران وەردەگیرا بەم شێوەیە بوو هەر بریکارێکی خۆراك (40-60) دینار و دوکاندار و پیشەوەرەکان (60-70) دینار و سەوزە فرۆشەکان (10-20) دیناری لێوەردەگیرا ( خەبات ، 1986 : 9 ) . سەرباری ئەوانەش حکومەت لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بەزۆری خوێنی لە جەماوەر بەگشتی و پیشەوەران بەتایبەتی وەردەگرت وەك بەخشین بۆ قادسییە ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێك لە پیشەوەران بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندەویست خوێن ببەخشن دوکانەکانیان دابخەن ( ئازادی ، 1986 : 4 ) .

لەلایەکی تر دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران 1988-1989 نرخی کاڵاکان بەرز بۆوە ، بەتایبەتی بەرهەمی دانەوێڵە ئەمەش بەهۆی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگواستنی جوتیاران بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان ، هەر بۆیە پشتیان بە خۆراکی هاوردەکراو و قەرز کردن لە وڵاتانی ئەمەریکا وئوستراليا دەبەست ( بەرەی کوردستانی ، 1989 : 10 ) . ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بژێوی ژیانی پیشەوەران هەبوو ، چونکە ئەو داهاتەی دەستیان دەکەوت بەشی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی نەدەکرد .

دوای ئەوە لە2ی ئابی 1990 سوپای عێراق ووڵاتی کوێتی داگیر کرد ، ئیتر بارودۆخی ئابووری وسیاسی عێراق بەتەواوی تێکچوو ، زیانی ڕۆژانەی عێراق گەیشتە (75) ملیۆن دۆلار ( بەرەی کوردستانی ، 1990 : 20 ) . دوابەدوای ئەوە دیاردەی ڕاکردن و بەشدارینەکردن لەشەڕ لەنێو ڕیزەکانی سوپای عێراق سەریهەڵدا ، بۆیە حکومەت لەشارەکانی هەولێر و ناوچەکانی تری کوردستان لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا لەدام ودەزگاکانی بۆ گرتن و ڕاوانی ئەو سەربازانەی کە لەبەرەکانی شەڕ هەڵاتوون یان بەشداری داگیر کردنی کوێت ناکەن( دەنگو باسی کوردستان ، 1990 : 11 ) لەماوەی 1990 تاکو ڕاپەرینی بەهاری 1991ی خەڵکی باشووری کوردستان ڕاوە دونان وگرتن بۆ بەرەکانی شەڕ بەناوی جۆراو جۆر لە وانە ( سوپای میللی ) ، هەر چەندە ئەم سوپایە بەشێوەیەکی فەرمی لەپارێزگای هەولێر لەساڵی 1975 دامەزرابوو ، بەڵام دوای داگیرکردنی کوێت ژمارەیان لەهەولێر زۆر زیادیکرد ، بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەناوەندەکانی خوێندن وفەرمانگەو بازار و شەقامەکان خەڵکیان بەزۆری دەهێنا ڕیزی سوپای میللی ، لەوکاتەدا فەرمانبەر و مامۆستا و پیشەوەرانی هەولێر بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندەویست بەشداری شەڕ بکەن ، یان لەکاتی پشکنین وگەڕانی ئەمن وڕەفیق حزبیەکان خۆیان حەشاردەدا یاخود پارەیان دەدا بە ڕەفیق حزبیەکان بۆ ئەوەی چاوپۆشیان لێبکەن ونەیان بەن بۆ ڕیزەکانی سوپای میللی ( حاجی یوسف ، 2022/4/11 ) ، چونکە پیشەوەران لەئەنجامی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی زیانی گەورەیان بەرکەوتووە و تووشی گرتن وکوشتن و داخستنی دوکانەکان و لەدەست دانی کار و داهاتەکانیان ببوونەوە ( نوری کوورەچی ، 2022/10/18 ) .

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین پیشەگەری لەساڵانی 1975-1991 بەقۆناغێکی هەستیار و پڕلە ڕووداو پێشهاتی سیاسیدا تێپەڕیوە ، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان کردبووە سەر پیشە دەستیەکان لەگەڵ ئەوەشدا پیشەوەرەکان توانیویانە بەشێکی گرنگ لە پێداویستیە ناوخۆیەکان پڕبکەنەوە ، بەڵام لەسەرەتای هەشتەکان وێڕای کاریگەری شەڕی هەشت ساڵەی عێراق وئێران لەسەر پیشە دەستیەکان ، لەهەمان کاتدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و دەرکەوتنی ئامێری نوێی بەرهەمهێنان ، کەشوێنی بەشێك لە پیشە

دەستیەکانی گرتەوە ، پیشەگەری بەگشتی ڕووی لە لاوازی و کەمبوونەوە کردووە ، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەشێك لە پیشە دەستیەکان لای پیاوە بەساڵاچووەکان کە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوویان هەبووە تەنها وەك سەرچاوەیەکی خۆبژێوی بمێنێتەوە.

**4- ئەنجام :**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

-پیشگەری لەپارێزگای هەولێر لەساڵانی 1975-1991 لایەنێکی گرنگ وپڕبایەخی ژیانی ئابووری دانیشتوانەکەیان پێکهێناوە .

- پیشەوەران توانیوویانە تا ئاستێکی باش ئەو کەلێنە ئابووریە پڕبکەنەوە کە لەئەنجامی ناسەقامگیری سیاسی دروست ببوو.

-پیشە دەستیەکان بوونە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بووژاندنەوەی بازارە ناوەخۆیەکان و جولەی بازرگانیی لەناوچەکەدا ، تەنانەت بووە بەجێگای سەرنجی بیانیەکان لەبواری کڕین وفرۆشتن.

- پیشەگەری بووە هۆکارێك بۆ دابینکردنی بەشێك لە پێداویستییە ناوەخۆیەکان و بەدەست هێنانی داهات بۆ بەشێك لە دانیشتوانی هەولێر .

-پیشەگەری لەساڵانی 1975-1991 کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕووداو پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق و باشووری کوردستان ، بەڵام نەبووە هۆی دواخستن و دواکەوتنی پیشە گەری .

-پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و سەرهەڵدانی ئامێر و ئامرازی تازەی بەرهەمهێنان ، شوێنی بەشێك لە پیشە دەستیەکانی گرتەوە ، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ کەمبوونەوەی پیشە دەستیەکان لەهەولێر .

-دانانی باج وڕێوشوێنە کارگێرییە قورسەکان لەلایەن حکومەت بۆ پیشەوەران کاریگەری کردبووە سەر بەرەو پێشبردنی پیشگەری لە هەولێر .

**5- پێناسەکان**

**1-5 قاڵتەنە:** ئاسنێکی پان ودرێژ بوو بۆ ڕاستکردنەوەی لەوح وتەنەکە بەکارهاتووە . بڕوانە : غەنی ڕەشید نانەوا ، پیشەی تەنەکەچی لەشاری سلێمانی ، سلێمانی " گۆڤار " ، ژ ( 49) ئابی 2004 .

**2-5 بەعسی بوون :** واتە کۆنترۆلکردنی هاوڵاتیەك بەپابەند بوون بە ئایدۆلۆژیای حزبی بەعس ، مەرجی بەعسی بوونیش بریتی بوو لە بەڵگەنامەیەك کە ئیمزا دەکرا پاشگەزبوونەوە یان خیانەت کردن ، ئەشکەنجە وئازارێکی زۆری لەدواوە بوو ، زۆر جار دەگەیشتە ڕادەی لەسێدارەدان ،ئەبێ ئەوش بزانیین کەوا بەپێی ئەو بەڵینامەیەی کەپڕ دەکرایەوە بۆ بە بەعسی بوون ، ئەگەر ئیمزاکەر پێشتر سەر بەهەر پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی بووبێت وئاشکرای نەکرد بێت وپاشان ئاشکرا بوایە ئەوا بەپێ ی ماددەی (1) لەیاسای ژمارە (107)ی ساڵی 1975 ئەو کەسە لەسێدارە دەدرا ، هەروەها ئەو کەسەی کە دەبووە بەعسی نەدەبوایە پاشگەز ببێتەوە یان وازبهێنێت ، چونکە بەپێ ی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق سزاکەی لە سێدارەدان بوو . حامد خليل الدوري ، البعث والامة ، مطبعة العاني.

**6- سەرچاوەکان**

**1-6 بڵاوکراوە حکومیەکان**


-الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، المجموعة الإحصائية السنوية لسنوات 1975-1980، مطبعة الحكومية ، بغداد ، 1981

-جمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، المجموعة الإحصائية السنوية لسنة 1985 مطبعة الحكومية ، بغداد ،1986 .

-الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للإحصاء المجموعة الإحصائية السنوية 1990، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء بغداد ، 1991.

-الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للإحصاء المجموعة الإحصائية السنوية 1989، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء بغداد ، 1990.

**2-6بڵاوکراوەی حزبی**

- دەنگو باسی کوردستان ، بڵاوکراوەی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق ، ژ(1)، کانونی یەکەمی 1983 .
- دەنگو باسی کوردستان ، بڵاوکراوەی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق ، ژ(117) ، 15ی حوزێرانی 1985.
- بەرەی کوردستانی ، ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی عێراق ، ژ(14) ، ساڵی دووەم ، تشرینی دووەمی 1989 .
- بەرەی کوردستانی ، ژ(19) ، ساڵی دووەم ، ئابی1990 ، ل20 .
- دەنگ وباسی کوردستان ، ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانی – حزبی شیوعی عێراق ، ژ(9) ، کانونی یەکەمی 1990 .

**3-6 کتێب**

**1- بەزمانی کوردی**

-ئاری ئەحمەد عەلی ، 2019 ، پیشەوەرەکانی کوردستان لەسەدەکانی ڕابردوو ، چاپخانەی نیشتمان ، تاران .

-ئازاد نوری ئەحمەد ، 2009 ، کار و پیشە دەستیەکانی کوردستان ، چاپخانەی تیشک ، سلێمانی .
-ئەنورە مەحەمەد عەبدوڵڵا ، 2018 ، پیشە دەستیەکانی کوردستان ، چاپخانەی نور ، تاران .
-سید مولود بێخاڵی ، 2001 ، هەولێرم وادیووە و بیستووە ، ب(1) ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر .
-سید مولود بێخاڵی ، 2005 ، هەولێرم وادیووە و بیستووە ، ب(3) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر .
-سید مولود بێخاڵی ، 2010 ، هەولێرم وادیووە و بیستووە ، ب(4) ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.
-عەباس چنارانی ، 2015 ، کەلەپووری کوردەواری ، چ(2) ، چاپخانەی کاروان ، هەولێر .
-عەزیزی مەلای ڕەش ، 2012 ، خورجەیەك لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر و چەند واریقات و بابەتی دیکە ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
-فازیل شەورۆ ، 2015 ، ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە (1900-2015) ، ب.ش.چ .
-قادر گۆزێ ، 2014 ، من و شەقڵاوە ژیاننامە و مێژوو ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر .
-کەریم شارەزا وئەوانی دیکە ، 2009 ، کۆیە لەڕەوتی شارستانیدا ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشتبیری ، هەولێر.
-نادر ڕۆستی ، 2007 ، گوندی کوردی و گۆڕان لەپیشەدا گوندی ڕۆست وەك نموونە / توێژینەوەیەکی سۆسیۆ- ئەنثرۆپۆلۆژی بەراوردکاری مەیدانییە لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر.

## 2- بەزمانی عەرەبی

-حامد خليل الدوري ، 1984 ، البعث والامة ، مطبعة العاني .
-رزگار سعيد پشدرى ، 2009 ، الهجرة ، مطبعة رنج ، السليمانية .
-عبدالحميد حسين درويش ، 2000، الصناعات الحرفية في العراق ، دار الامل للطباعة ، بغداد .
-على خليل النعيمي ، 1990 ، الصناعات اليدوية في العراق ، وزارة الثقافة الاعلام ، بغداد .
-علي عبدالوهاب الدهري ، 2001 ، المنظمات الجماهيرية والعمالية في العراق ، دار نور للطباعة ، بيروت .

## 7- دیدار

–ئاراس عەلی ، 2022/12/29 کۆیە . ناوبراو لەساڵی 1953 لە قەزای کۆیە لەدایك بووە ، لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاری ئاسنگەری کردووە ، تاساڵی 2011 بەردەوام بووە ، بەڵام بەهۆی نەخۆشیەوە وازی لە کارەکەی هێناوە ، ئێستا منداڵەکانی ئەم کارە دەکەن ، ناوبرا ئێستا دانیشتووی قەزای کۆیە .

- ئازاد حاجی برایم ، 2022/12/8 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1968 لەقەزای شەقڵاوە لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای وناوەندی لە هەولێر خوێندووە ، لەساڵانی هەشتاکان لەتەمەنێکی بچووك لەگەڵ باوکی دەستی بەکاری ئاسنگەری کردووە ، ئێستاش کاری بازرگانی گشتی دەکات، دانیشتووی شاری هەولێرە .

- ئارام حاجی خالد ، 2022/12/9 هەولێر . ناوبراو لەساڵی 1963 لە قەزای هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای لە شاری هەولێر خوێندووە ، لەبەر هەژاری وازی لەخوێندن هێناوە ، بۆیە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تائێستا کاری پینەدۆزی دەکات ، ئەم کارەی لەباوکی فێربووە ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە .

حاجی مەحەمەد وەلی ، 2022/12/10 هەولێر . ناوبراو لەساڵی 1952 لە قەزای کۆیە لەدایك بووە ، هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵ خاڵی کاری دارتاشی کردووە ، ئێستا کاری بازرگانی گشتی دەکات ، دانیشتووی قەزای کۆیە .

- ئارام مەحەمەد کوورەچی ، 2022/7/21 قەزای کۆیە . ناوبراو لەساڵی1956 لەکۆیە لەدایك بووە ، لەساڵی 1971 دەستی بەکاری دروستکردنی کەچ کردووە ، لەکۆتای هەشتاکان بەهۆی لاواز بوونی کارەکەی وازی لەم کارە هێناوە و دەستیکردووە بەکاری ڕەژوو فرۆشی ، ئێستا دوکانی فرۆشتنی جل وبەرگی هەیە ، هەر لەکۆیەش نیشتەجێیە .

- ئەحمەد حەسەن جۆڵا ، 2023/1/8 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1969 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، ئەم پیشەیەی لەباوکی بۆ مابۆوە ، تا ساڵی 1990 لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بووە ، دواتر بۆتە فەرمانبەر ، ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە .

- ئەحمەد عزەدین دەباغ ، 2023/2/11 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1959 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، ساڵی 1977 لەگەڵ باوکی کاری پێستە خۆشکردنی کردووە ، دوای مردنی باوکی هەر بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی تاکو 1985 ، دوای ئەوە دەبێتە سەرباز و واز لەکارەکەی دەهێنێت ، ئێستا کاری بازرگانی دەکات ، نیشتەجێی شاری هەولێرە .

- ئەحمەد نوری کوورەچی ، 2022/10/18، هەولێر . ناوبراو لەساڵی1966 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای وناوەندی لەهەولێر خوێندووە ، لەحەفتایەکان باوکی کاری کوورەچی بووە ، لەساڵی 1978 لەگەڵ باوکی دەستی بەم کارە کردووە ، لەکۆتای هەشتاکان بەهۆی لاواز بوونی کارەکەیان وازی لەم کارە هێناوە ، ئێستا کاری بازرگانی گشتی دەکات ، دانیشتووی شاری هەولێرە.

- ئەحمەد لبادچی ، 4/11/ 2022 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1948 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەساڵی 1972 لەگەڵ باوکی دەستی بەکاری پەڕەچی کردووە ، تا ساڵی 1989 لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو ، پاشان 1990 بۆتە فەرمانبەر ، ئێستا خانەنشینە ولە شاری هەولێر نیشتەجێیە .

- ئەحمەد سەلیم ناڵبەند ، 2022/7/11 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1965 لەشاری هەولێر لە دایك بووە ، لەساڵی 1977 لەگەڵ باوکی فێری کاری ناڵبەندی بووە ، لەسەرەتای نەوەتەکان وازی لەم کارە هێناوە و دەستیکردووە بەکاری پینەدۆزی ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە .

- ئەحمەد هادی خەمچی ، 2022/8/11 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1945 لەشاری هەولێر لە دایك بووە ، لەساڵی 1964دەستی بەکاری خەمچی کردووە ، ئەم پیشەیەی لە باوکی فێربووە ، لەسەرەتای 1988وازی لەم کارە هێناوە و دەستیکردووە بەکاری قوماش فرۆشی ، ئێستا کاری بازرگانی دەکات ، دانیشتووی شاری هەولێرە .

- پەروین ئەحمەد معروف خەیات ، 2022/10/20، هەولێر . ناوبراو لە ساڵی 1960 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، هەر لەتەمەنی منداڵیەوە لەگەڵ دایکی کاری بەرگدرووی کردووە ، تا ئێستاش لەگەڵ براکانی کاری بەرگدرووی دەکات ، لەبازاری تەیراوەی هەولێر .

- جاسم مەحەمەد زێڕینگەر ، 2022/4/1 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1958 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای لە هەولێر خوێندووە ، لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەکاری زێڕینگەر کردووە ، ئێستا کاری بازرگانی دەکات ، ناوبراو ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە.

- حاجی عەلی ئاسنگەر ، 2022/11/1 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1948 لەشاری هەولێر لەدایك بووە دەستڕەنگین وکارامە بوون ، توانیویانە چەندین ئامێر وئامرازی کشتوکاڵی جۆراوجۆر دروستبکەن سەدەی ڕابردوو دەستی بەکاری ئاسنگەر کردووە ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە.

- عائیشە ئەسعەد ، 22/ 4/ 2022 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1958 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەساڵی 1977 لەگەڵ دایکی دەستی بەکاری موتابچی کردووە ، تا ساڵی 1985 لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو ، پاشان 1990 بۆتە بەرگدروو ، ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە .

- وەستا عەبدوڵڵا عەزیز ، 2022/9/6 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1944 لەشاری هەولێر لە دایك بووە ، لەساڵی 1962دەستی بەکاری بیناسازی کردووە ، کەسێکی شارەزا و ئەندازەیی بووە لەدانانی پلان و دروستکردنی خانوو و بینا ، بۆ ماوەی زیاتر لە 40 ساڵ ئەم کارەی کردووە ، ئێستا کاری بازرگانی دەکات و خاوەنی کۆمپانیای ساڵار بۆ کەل وپەڵ وئامێری بیناسازییە ، ئێستا دانیشتوی شاری هەولێرە .

- عەلی خەلیل جۆڵا ،2022/11/7 ، قەزای کۆیە . ناوبراو لەساڵی1979 لەشاری کۆیە لەدایك بووە ، ئەم پیشەیەی لەباوکی بۆ مابۆوە ، تا ساڵی1991 لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بووە ، دواتر دەستیکردووە بەپیشەی بەرگدرووی هەر بەردەوامە لەسەر ئەم کارەی ، ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە .

- وەستا مەجید سەفار ، 2022/1/8 هەولێر . لەساڵی1949 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە ، ناوبراو ئەم پیشەیەی بەپشتاو پشت لەباوباپیرانی بۆ ماتەوە ، بەهۆی کەمبوونەوەی ئەم کارە لەساڵی 1984 وازی لەم کارە هێناوە دەستی بەکاری بازرگانی کردووە ، ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە .

- حاجی عەلی حەسەن دارتاش ، 2022/10/18، هەولێر . ناوبراو لەساڵی 1942 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو کاری دارتاشی کردووە ، ئەم کارەی لەباوکی فێربووە ، ئێستا کاری بازرگانی گشتی دەکات ، دانیشتووی شاری هەولێرە .

- حەسەن ئەحمەد دارتاش ، 2022/10/18، هەولێر . ناوبراو لەساڵی 1954 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای و ناوەندی لەهەولێر خوێندندووە ، دواتر لەبەر کاری دارتاشی باوکی لە قوتابخانە دەریهێناوە گوایە ئەیکات بەسەنعاتکار ، ئێستاش ناوبراو لەگەڵ منداڵەکانی کاری دارتاشی دەکات ، لە شاری هەولێر نیشتەجێیە .

- حاجی حەمید عەلی خەیات ، 2022/10/18، هەولێر . ناوبراو لە ساڵی 1955 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، هەر لەتەمەنی 16 ساڵیەوە لەگەڵ باوکی کاری بەرگدرووی کردووە ، تا ئێستاش لەگەڵ منداڵەکانی کاری بەرگدرووی دەکات ، لەبازاری قەیسەری هەولێر ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە .

- حاجی خدر ڕەشید حەسەن ، 2022/10/22. ناوبراو ساڵی 1952 لەقەزای شەقڵاوە لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای تەواو کردووە ، ماوەی 30 ساڵ پیشەی دارتاشی بووە ، تا ساڵی 1991 لەسەر ئەم پیشەیە بەردەوام بووە ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە .

- حاجیە نیهایەت ئەحمەد وەلی ، 22/ 2022/10، هەولێر . ناوبراو لە ساڵی 1954 دەستڕەنگین وکارامە بوون ، توانیویانە چەندین ئامێر وئامرازی کشتوکاڵی جۆراوجۆر دروستبکەن مەخموور لەدایك بووە ، هەر لەتەمەنی منداڵیەوە لەگەڵ دایکی کاری بەرگدرووی کردووە ، ساڵی 1975 دوای ڕاگواستنیان لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە ، بۆ ماوەی زیاتر 35 ساڵ خەریکی پیشەی بەرگدرووی بووە ، ئێستا منداڵ و نەوەکانی کاری بەرگدرووی دەکەن ، ناوبراو لەشاری هەولێر نیشتەجێیە .

- مەحەمەد سوفی سەڕاج ، 2022/10/28، هەولێر . ناوبراو لەساڵی 1962 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەحەفتایەکان باوکی کاری سەڕاجی کردووە ، لەساڵی 1980 لەگەڵ باوکی دەستی بەم کارە کردووە ، ئێستا کاری بازرگانی گشتی دەکات ، دانیشتووی شاری هەولێرە .

- وەستا فارس عەلی ، 2022/8/11 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1939 لەشاری هەولێر لە دایك بووە ، لەبەر خراپی باری گوزەرانی و هەژاری ساڵی1958 وەك کرێکاری بیناسازی لەگەڵ وەستا هاشم دەستی بەکاری بیناسازی کردووە ، ساڵی 1974 بۆتە وەستایەکی بەناوبانگ لە کاری تەلارسازی ، ساڵی 1985 کارگەی دروستکردنی بلۆکی داناوە ، ساڵی 1988 بۆتە بەڵێندەر بۆ دروستکردنی بالاخانە ، ساڵی 1990 دەست بەکاری بازرگانی گشتی دەکات ، ئێستا دانیشتوی شاری هەولێرە.

- سەید مەجید ، 2022/11/11 ،هەولێر . ناوبراو لەساڵی1948 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەتەمەنی 16ساڵی لەگەڵ باوکی کاری دارتاشی کردووە ، ئەم کارەی لەباوکی فێربووە ، ئێستا منداڵەکانی ئەم کارە دەکەن ، ناوبراو ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە .

- مەحەمەد کەریم خەیات ، 2022/11/21، هەولێر . ناوبراو لەساڵی1958 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەکاری بەرگدرووی کردووە ، ئێستا منداڵەکانی کاری بەرگدرووی دەکەن ، ناوبراویش سەرپەرشتی کاری منداڵەکانی دەکات ، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە.

- عومەر عەلی ئاشەوان . 11/22 / 2022 ،هەولێر . ناوبراو لەساڵی1949 لەشاری هەولێر لە دایك بووە ، ساڵی 1974 دەستی بەکاری ئاشەوانی کردووە ، ماوەی چەند ساڵێك لەئاشی ئاو کاری کردوو ، دواتر ساڵی 1980 ئاشی مام عومەری لە گەرەکی تەیراوە داناوە ، تا ساڵی 2000 بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی ، ئێستا کاری بازرگانی دەکات ، ئێستا دانیشتوی شاری هەولێرە .

- حاجی مەحەمەد زێڕینگەر ، 2022/12/18 ،هەولێر . ناوبراو لەساڵی1949 لەقەزای شەقڵاوە لەدایك بووە ، قۆناغی سەرەتای و ناوەندی لە قەزای شەقڵاوە خوێندووە ، لەکۆتای هەشتاکان دەستی بەکاری زێڕینگەری کردووە ، ئێستاش کاری بازرگانی گشتی دەکات، دانیشتووی قەزای شەقڵاوەیە .

- حاجی مەحەمەد کەریم ، 2022/12/19 ، قەزای کۆیە. ناوبراو لەساڵی 1957 لە قەزای کۆیە لەدایك بووە ، لە کۆتای هەشتاکان دەستی بەکاری زێڕینگەری کردووە ، تا ساڵی 2010 بەردەوام بووە ، بەڵام بەهۆی کاری بازرگانی گشتی وازی لە کارەکەی هێناوە ، ئێستا دانیشتووی قەزای کۆیە .

- حاجی قادر خەیات ، 2022/12/20 قەزای کۆیە . ناوبراو لەساڵی 1943 لە قەزای کۆیە لەدایك بووە ، هەر لەمنداڵیەوە خولیای کاری بەرگدرووی بووە ، لەساڵی 1977دەستی بەکاری بەرگدرووی کردووە ، بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ ئەم کارەی کردووە ، بەهۆی نەخۆشیەوە وازی لەو کارەی هێناوە ، ئێستا لە قەزای کۆیە نیشتەجێیە .

- حاجی محەمەد جۆلا ، 2023/2/1 هەولێر . ناوبراو لەساڵی1959 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، ئەم پیشەیەی لەباوکی بۆ ماتەوە ، بەهۆی کەمبوونەوەی ئەم کارە لەساڵی1986 وازی لەم کارە هێناوە دەستی بەکاری بەرگدرووی کردووە ، ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە .

- هاوار کانەبی ، 2023/2/20 . هەولێر . ناوبراو ساڵی 1955 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەساڵی 1961 بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە کادیرێکی چالاك بووە ، پاشان لە1975 ڕاگوێزراوە بۆ شاری سەماوە ، لەماوەی 1979-1988 چۆتە شاخ ، دواتر چۆتە ناو شانە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدەشتی هەولێر ، ساڵی 1989 لەلایەن حکومەتی عێراق دەستگیرکراوە ، دواتر بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە . ئێستا خانەنشینە ، لەشاری هەولێر نیشتەجێیە .

- هاوڕێ ئەحمەد نادر ، 22/2/ 2023 . قەزای کۆیە . ناوبراو ساڵی 1945 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، لەساڵی 1963پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراق کردووە ، هەموو پلەکانی حزبی بڕیوە پلە بەپلە ، سەرەتا ئەندامی خەلیە بووە ، ئینجا بۆتە ئەندامی لیژنەی تابیعە ، پاشان بۆتە ئەندامی لیژنەی قەزا ، لەماوەی 1980-1989 لەشاخ بووە ، دواتر چۆتە ناو شانە نهێنیەکانی حزب لەقەزای کۆیە ، دووجار لەلایەن حکومەتی عێراق دەستگیرکراوە ، دواتر بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە . ئێستا خانەنشینە ، لەقەزای کۆیە نیشتەجێیە .

- عەلی عومەر دەباغ ، 2023/2/11 قەزای کۆیە . ناوبراو لەساڵی1964 لەکۆیە لەدایك بووە ، هەر لەمنداڵییەوە خولیایی کاری پێستە خۆشکردن بووە ، بۆیە دوای مردنی باوکیشی لەساڵی 1977 هەر بەردەوام بووە لەسەر کارەکەی، دواتر لە ساڵی 1980دەستیکردووە بەکاری بازرگانی کردن بەپێستە لەگەڵ شارەکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراق ، ئێستا کاری ئاژەڵداری دەکات ، نیشتەجێی گوندی بایزاغا بە سەر بە قەزای کۆیە .

- یوسف میرزا مەحەمەد 2022/4/11 ، هەولێر. ناوبراو لەساڵی1946 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری هەولێر بەسەرکەوتووی تەواو کردووە ، لەدوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ودامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان وڕاپەراندن 1974وەکو فەرمانبەری حکومەت لە ئەنجومەنی ڕاپەراندن کاری کردووە ،ئێستا خانەنشینە ، دانیشتووی شاری هەولێرە.

### 8-تێزی دکتۆڕا

### -بەزمانی کوردی


-بورهان حاتم عثمان ، بارودۆخی ئابووری پارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958 - 1975، تێزی دکتورا ، زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر ، کۆلێژی ئاداب ، بەشی مێژوو ، 2019.

- فتاح بهرام خضر ، بارودۆخی ئابووری شاری هەولێر لەسەردەمی پاشایەتیدا 1921-1958 ، تێزی دکتورا ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات، 2019 .


### 9-نامەی ماستەر

### -بەزمانی کوردی


- ئارام ئەبو بەکر حەمەد ئەمین ، بارودۆخی سیاسی پارێزگای هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی 1979-1991 ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئاداب ، 2016.

- دحام لقمان اسماعیل ، ڕەوشی ئابووری وکۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کورددی ئاشکرا لەعێراقدا 1980-1991 ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، 2015 .

- ڕێبوار خالد مصطفی ، پارێزگای سلێمانی (1968 – 1988)توێژینەوەیەکی مێژووی ئابوورییە، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە ) ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، 2014 .


### 10-ووتارو لێکۆلینەوە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگۆڤارەکان


-ئەحمەد حەیران ، گۆزە و کووپە و شەربەت فرۆشتی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ دا ، مێرگ " گۆڤار" ، هەولێر ، . ژ(2) ، ساڵی یەکەم 2005.

-بەرهەم عەلی ، ئەو بنەماڵە هەولێری سەدان ساڵە بەپیشەی کورەچیەتی خەریکن ، بارش " گۆڤار" ، ژ(4) ، هەولێر ، 2001 .

-جابر پیرداود ، پیشە دەستیەکانی هەولێر لە سییەکان وچلەکاندا ، هەولێر " گۆڤار" ، ژ(3) ، هەولێر ، 1999 .

-جابر پیرداود، پیشەسازییە دەستییەکانی هەولێر لەسیەکان و چلەکاندا ، هەولێر "گۆڤار" ، ژ(3) ، هاوینی 1999.

-حسێن مەحمود ، زین پیشەی وەستای دەست ڕەنگین و خواستی شۆڕە سواران ، سلێمانی "گۆڤار" ، ژ(4) ، ئەیلولی 2000 .

-دلسۆز حەمە کەریم ، خومخانە وەك پیشەیەکی دێرین ، سلێمانی "گۆڤار " ، ژ(4) ، ئەیلولی 2000 .

-رەوەست نەوزاد ، پیشەی تەنەکەچی لەهەولێر و گرنگی لەزیادکردنی بەرهەمی پیشەسازی ناوەخۆیی ، سامان " گۆڤار " ، هەولێر ، ژ(24) ، بەهاری 2018.

-شکریە محمد ، هونەری کەمانچە دروستکردن و توانایەکی نوێ ، ڕەنگین "گۆڤار " ، ژ(27) ، ساڵی 1990

-شوان سەرابی ، جۆلایی ئەم پیشە ڕەنگینە میللییەی کوردەوارییە ، ئاسۆی فۆلکلۆر "گۆڤار" ، ژ(2) ،2002.

-شێرزاد عبدالرحمن ، پیشە دەستیەکانی کوردەواری ژیانی ئەمڕۆمان ، هاوکاری "ڕۆژنامە" ، ژ(570) ، 1981/1/15 .

-شێرزاد فەقێ ، لەپیشەگەرییەکانی کوردەواری کورتان دروویین ، ئاسۆی فۆلکلۆر "گۆڤار " ، ژ(39) ، 2008 .

-غەنی ڕەشید نانەوا ، پیشەی تەنەکەچی لەشاری سلێمانی ، سلێمانی " گۆڤار " ، ژ ( 49) ئابی 2004.

-فەرید تۆفیق کوورەچی ، کوورەچییەکان ، شارەوانی هەولێر " گۆڤار " ، ژ( 18) ، ئەیلولی 2013 .

-لەتیف هەڵمەت ، هونەری دەستکردی میللی جۆلایی و کارە ڕەنگینەکانی جۆلا ، هاوکاری "ڕۆژنامە" ، ژ(657) ، 1982/10/14.

**11- ڕۆژنامە**

**1-11 بەزمانی کوردی**

-خەبات ، ژ(562) ، نیسانی 1986 .
-هاوکاری
-ژ(546) ، 6ی تشرینی یەکەمی 1980 .
- ژ(612) ، 19/ 11/ 1981.
-ژ(656)) ، 1982/10/7 .
- ژ(706) ، 1983/10/6 .
-ژ(761) ، 1984/11/8.
- ژ(773) ،1985/1/24.
- ژ(788) ،1985/5/9.

**2-11 بەزمانی عەرەبی**

-الوقائع العرافية
- ع(2451) ، 21/ 12/ 1979 .
-ع(3119) ، 1981/4/8.
-العراق ، ع(2466) ، 1984/3/11.

**12- گۆڤار**

**-بەزمانی کوردی**

- الحكم الذاتي (ئۆتۆنۆمی) "گۆڤار"، ژ(5) ساڵی سێیەم 1978.

**13- ئینسکۆپیدیا**

**1-13 ئینسکۆپیدیای هەولێر ، بەرگی ( 1 ، 9 ) ، لوبنان ، 2009 .**

-ئەحمەد حەمەد ئەمین حەیران ، ئاسنگەری و کورە ئاسنەکانی هەولێر ، بەرگی (9) .
-ئەحمەد حەمەد ئەمین حەیران ، کارگە و کارگە چیەکانی هەولێر ، بەرگی (9).
-عومەر لەتیف بەرزنجی ، پیشەی ناڵبەندی لەکوردستان ، بەرگی (9) .
عەباس سلێمان سمایل ، مێژووی کارێزەکانی دەشتی هەولێر ، بەرگی (1).
-محەمەد کەریم نانەوا ، پیشەی نانەوایی لە هەولێر ، بەرگی (9) .

# الصناعات الحرفية في محافظة أربيل 1975-1991
## (دراسة تاريخية - إقتصادية )

**جم الدين عبدالله اسماعيل**
قسم التاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
najmaddin.ismael@su.edu.krd

**مهدى محمد قادر**
قسم التاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
mahdi.qader@su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (الصناعات الحرفية في محافظة أربيل 1975-1991) دراسة تاريخية - إقتصادية ، محاولة للتعرف على وضع الصناعات الحرفية في محافظة الذي كان له أهميته الخاصة في تطور وتقدم المنطقة على الصعيد الاقتصادي، ان الصناعات الحرفية هي من احدى الصناعات اليدوية التي يعمل فيها المهنيون حسب خبراتهم ، و منذ قديم الزمان بسبب وجود عدة خصائص اجتماعية وإقتصادية في أربيل ، وكان من ضمن سكان المحافظة توجد اناس مهنيون في مختلف الاختصاصات ، كان لهم دور لتلبية احتياجات سكان المحافظة .

يتكون البحث من مقدمة وموضوعين رئيسيين وعدة استنتاجات. يتضمن كل محور عدة مواضيع. يركز المبحث الأول على الصناعات الحرفية وأنواعها 1975-1991 ، أما المبحث الثاني يتناول المعوقات والمشاكل التي أثرت على التنمية للصناعات الحرفية في محافظة أربيل 1975-1991.

**الكلمات الرئيسية :** الصناعات الحرفية، محافظة أربيل، إقتصادي، مشاكل الصناعات الحرفية، سياسة البعث .

# Craft Industries in Erbil Governorate 1975-1991
## (historical-economic study)

**Najmaddin Abdullah Ismael**
Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University-Erbil
najmaddin.ismael@su.edu.krd

**Mahdi Muhammad Qader**
Department of History, Collage of Arts, Salahaddin Erbil- University-Erbil
mahdi.qader@su.edu.krd

**Abstract**

This research is entitled (Handcraft Industries in Erbil Governorate 1975-1991) a historical-economic study, an attempt to identify the situation of handicraft industries in the province, which had its special importance in the development and progress of the region on the economic level. Professionals according to their experiences, and since ancient times, due to the presence of several social and economic characteristics in Erbil, and among the residents of the governorate there were professional people in various specializations, who had a role to meet the needs of the residents of the governorate.

The research consists of an introduction, two main topics, and several conclusions. Each axis includes several topics. The first topic focuses on craft industries and their types 1975-1991, while the second topic deals with the obstacles and problems that affected the development of craft industries in Erbil Governorate 1975-1991.

**Keywords**: craft industries, Erbil governorate, economist, problems of craft industries, Baath policy.